# ئۆخەی سەرۆکمان هەیە

باوکی دانا

سەرۆک و سەرۆکایەتی زۆر گرنگە بۆ بەدەست هینانی ئەم ناوەو دەسەلاتە هەزاران مروڤ کوژراوە لە پیناویدا بە تاییەتی لە ناو گەلی کوردا ..کورد بە ناو سەروکی زۆر بووە وەک سەرۆک عەشیرەت و سەرۆک حزب و سەرۆکی نەتەوە لەهەر ڕۆژگاریکدا کەسیک ناوی لە خۆ ناوە یان ناویان لیناوە سەرۆک کورد خاوەنی یەک بست زەوی نیە وولاتێکی ئازادی نییە کە دانی پیدا نرابی بەلام هەردەم سەرۆکی هەبووە لە راستیدا ناتوانین بە هیچ لەو کەسانە بلێن سەروکی نەتەوە نکۆلی لەوە ناکری ئەوانەی پێشۆو ئیستاکە کەسانیکی خەباتگێڕۆ شۆڕشگیرن دەتوانری پییان بووتری سەرپەرشتیار یا لیپرسراوی کۆمەلێک تا ئەوانەی ناۆ نراون سەرۆک عەشیرەت نەیانتوانیوە سەرۆکایەتی عەشیرەت بکەن لەبەر کۆمەلی هۆکار وەکۆ ئەوەی هەمۆ ئەو کەسانەی پییان دەوتری سەرۆک کۆمەلی کەسیان لە خۆیان نزیک کردوتەوە کۆمەلێکیان پشت گۆی خستە هەندی کاتیش زۆلم و زۆرداریان بەرامبەر کراوە بە ناوی دژەکانەوە یان بە ناوی خیانەتەوە بە بی وژدانی . تا ئەم ساتەش کورد ناتوانی شانازی بکات کەسەرۆکی نەتەوەی هەبوە یان هەیە هەمۆ ئەو بەریزانە سەرۆکی هەندی خەلکی ناۆ حزب و هەندی کەسی ناۆ عەشیرەتەکانن ..ئەوەی ئیستا لە ئارادایە چەند سەرۆکیکە بۆ کورد ئامادە کراوە نەک هەلبژیراو دوو سەرۆک بۆ کورد ئامادەیە لە عیراقدا بەریزیک بە ناوی سەرۆکی هەریم کە تا ئیستا دوو پارچەیە ئەوی تر بۆ سەروکی عیراقە ئاشکرایە ئەو دوو بەریزە سالانیکە زۆرە خەبات و تیکۆشان دەکەن بۆ سەرۆکایەتی ئەمەیان مافی خۆیانە ئەگەر لەسەر لاشەی رۆلەکانی کورد نەبی ..پیش چەند سالێک بەڕیزێک خۆی بە سەرۆک دەزانی ئەوی تر دژایەتی دەکرد بۆ ئەم مەسەلەیە شەڕی کورد کوژیش دروست بۆ ئەوکاتە ناوی یەک سەرۆک لە ئارادا بوو ڕێک ناکەوتن هەر بە ناوی سەروکەوە لایەک وینەی بارزانی دادەنا لایەکەی تر وینەی شیخ مەحمودی بەرز دەکردەوە وایان کردبو مردووەکانیشیان بەشەر دابوو لە ژیر ناوی سەرۆکی نەتەوەی کوردا لە سەر وینەی مردووەکانیش ریک ناکەوتن ...نازانم سوپاسی کێ بکەم وا دوو جۆرە سەرۆکی بۆ کورد دەست نیشان کرد شەڕی وینەی مردووەکانی لە بیریان کرد ئیتر رۆلەکانی کورد بە کوشت ناچیت لەسەر سەروک و وینەی سەرۆک .ئەم دوو سەرۆکە دەیان جیگر سەرۆکیان لێ دەبیتەوە ئەوە کورسیەکانیش بە ئارەزۆی خۆیان دابەشیا ن کرد وەک پەنجا بە پەنجاکە ئەوەتا میلەتیش بی دەنگە دەلێن بەس ڕۆلەکانمان بە کۆشت نەدەن هەموی بۆخۆیان با دابەش بکەن ......

خۆ دەبی عەقلیەتی خۆشیان بگۆرن تا سەر میلەت لێیان بی دەنگ نابی بە تاییەتی نەوەکانی ئەمرۆی کورد .مەسەلیک هەیە دەلێت قەرز کۆن دەبی بەلام نافەوتی لیرەوە مەسەلەی مافی مرۆڤەکان دیتە پیشەوە ئازادی و دیمکراسی مافی رەوای خەلکە پیش هەمۆ کەس دەبی ئەو دوو سەرۆکە پەیوەست بن بە هەمۆ مافەکانی خەلکەوە وەک کورد وەک عیراقی مەسەلەی دادگا کردنی تاوان باران ئەرکی سەرەکی ئەو سەرۆک و لیپرسراوانەیە دەبی هەمۆ کورد کوژیک بدریتە دادگا با لە خۆیانەوە دەست پی بکەن کوشتنی دەیان هەزار کورد بە دەستی کورد کی تاوانبارە پازدە سالە سەروکی عیراق سەدام حوسین پازدە کوردی نەکۆشتووە بەلام کاربەدەستانی کورد زیاتر لە پازدە هەزار کوردیان بەیەکتر بە کۆشت داوە .ئەلمانیا لە 60 ملیون کەس زیاتر تیدا دەژیت ((هلمت کۆل)) دەیان سالّ موستەشاری ئەو وولاتە بۆ پاشان درایە دادگا لەسەر ئەوەی 100 هەزار مارکی سەرف کردبۆ لە کاتی هەلبژاردن لە پارەی دەولەت بەلام دەستی لە ئازار دان و

کۆشتنی یەک مرۆڤیکدا نەبۆ دادگای کرا کورد شەش ملیون نابی دوو سەدەوپەنجا موستەشاری زیاتری هەبۆ هەمۆ کوردیان دەکۆشت یەک کەسیان دادگا نەکرا چۆنکە ئەم سەرۆک حزبانە دەیان پاریزن زۆریش لەو کورد کۆژانە بۆنەتە نوینەری کورد لە ناو حزبەکان و لە پاڵ حزبەکاندا ..ئایا ئەو بەریزانە بەراستی دەبنە نوینەری میلەت ..خوزگەش دەخوازم ئەو حزبانە چاۆیکیان لە میلەت بی چاویکیش لە خزم و کەسانی خۆیان میلەت یەک چاۆی بەسە ..خۆزگەیەکی تر خۆزگە هەمۆ ئەو کاربەدەستانە دەبوونە سەرۆک و مندالەکانیان سەرۆک و جیگری سەروک بەس ڕۆلەی کورد بە کۆشت نەدەن ..ێیروز بی لە هەمو سەروکەکان تا سەروک خیزانەکانیش